نامەیەك بۆ..

مژدە محمود جاف

نامەی پازدە

تکایە بیرت نەچێ، هێندەی نمە بارانەکانی یەکەم رۆژی بوون
تا دەریاکانی ئێستا خۆشم ئەوێی.
ئەی کرێکارە ماندووەکەی نێو دڵتەنگی ژیان،
ماندوو لە رۆژ لە دووبارە بوونەوە
لە کۆن بوون لە پەنای دیوارە پڕ حەوسەڵەکانی ژیان.
ئەی شەکەت ئێوارەت باش، هزرەکانت باش،
خەونەکانت باش، خەمەکانت...
تۆ پێت نەوتم
بەر نەفرەتی کام یەك لە ساتە رەشپۆشەکانی ئاشقی کەوتووم و
کام ژەنیاری زانای ئاسمان لە بێگەردییەکانی بووندا دەتژەنێت و
چۆن فێرت کردم ببمە هاورێی پەروانەیەکی سووتاو لە کاتی مەرگی شەمعدا و پڕتکردم لە ئارەزووی موحیبەت لە وەرزە ووشکەکاندا.
ئەی کرێکار لە درووستکردنی قەڵا بەرزەکانی خۆشەویستی تۆ هەرگیز نەتووت چەند شەمع بە مەستی لە چاوەکانتا دەگڕێ و
ئاوازی چەند کەناری تەنیات لە گەرووتدا، هەڵگرتووە.
ئەی شەکەتتر لە ترپەی دڵێکی چاوەڕوان و بێ قەرار
تۆ هیچ وەخت نەتووت چەند جار بوویت بە شەمع و چەند شەوی یەڵدات رووناك کردەوەو
بوویت بە قوربانی.
ئەی کرێکارە ماندبووەکەی منداڵی هەتا ئێستای گەورەبوون دەشت و ئاسمانەکان چەند حیکایەتیان بۆ نووسیویت و چەند چیرۆك لە بەریان کردوویت،
ئەی ئەو تەنها کرێکارە لە خۆ بووردەیە کە هەمیشە خۆشم ئەوێیت.
چەند مانگەشەو خەمەکانتیان هەڵگرتووە و چەند جار خۆر بۆ ماندوویەتی منداڵیت، بێ حەوسەڵە بووە؟
ئەگەر توانیت، وەڵامەکانت بۆ ئەو ساتانە بنووسەوە کە هێشتا لە سکی دایکە نادیارەکانی زەومەن دایە،
من هەمیشە خۆشم ئەوێیت.

گفتوگۆیەك لەبارەی شیعرو ئەدەبەوە لەگەڵ شاعیر کاك ساڵح هەلاجدا

ئامادەکردنی حسێن عەبدوڵلا

ساڵح هەلاج یەکێکە لەو شاعیرانەی گەرمیان کە ساڵانێکە دەنووسێ وبڵاو دەکاتەوە،رەنگەو هەرواشە تا ئێستا دۆخی تایبەتی ژیانی(ساڵح)وخێزانەکەی ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساووە کە سنووری گەرمیان لە رووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعریەکانی تێپەڕێنێ، بۆیە کەمتر لە سەر ئاستی کوردستان وەکو شاعیر ناسراوە.مانگنامەی (خەڵك)پێی باشبوو لە نزیکەوە ئەم دیدارەی لە گەل سازبکات وبە چەند پرسیارێك هێنایە دووان.ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوە وڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

*** ئاشنابونت لەگەڵ شیعردا کەی و چۆن بوو؟**

ساڵح: سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ ی سەدەی ڕابردوو جموجوڵێکی شیعری لەشاری کفری هەبوو، بەناوی گروپی شیعری کفری ، دەمبینی مامۆستایان، (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی کەنعان مەدحەت زۆر سەرقاڵی شیعرو کتێبن، منیش بۆخۆم لەماڵەوە پێشینەیەکی لاسای کردنەوەم لەباوکمەوە هەبوو ئەڵبەتە باوکم ئاشنایەتی شیعری مللیی هەبوو ، لەڕێگەی خوالێخۆشبوو شاعیری جوانە مەرگ (فەریق ئەمین) وە لەوان نزیك بوومەوە هەر لەوسەردەمدا مامۆستایان(عبدلله قەرەداغی و ساڵح ئەمین) کەئێستا لە کشتوکاڵی کەلارە دەناسی هەموومان دۆستایەتیمان لەگەڵ کاك لەتیف و ئەوانی تر واتە گروپی شیعری کفری پەیداکرد ئەوان هەموویان قوتابی بوون منیش لای برایەکم شاگردی نانەواخانە بووم چونکە تا سێی سەرەتایم لە قوتابخانە خوێندبوو بەهۆی ئارەزووی خۆمەوە زۆربە پەلەپەل دەچوومەناو پرسیارو خوێندنەوە بەتایبەتی برای بەڕێزم کاك ساڵح ئەمین زۆر هاواکاری دەکردم لەپەیدا کردنی کتێب، وەك پێشتریش چەند شیعریکی سادەم هەبوو کەبەلای خۆمەوە زۆر باشبوون، جارێکیان شیعرێکم پیشانی مامۆستا لەتیف هەڵمەت دا چاوێکی پیاخشاند بێ ورتە لەپێش چاوی خۆم دڕی و فڕێیدا ، بەڕاستی قورگم پڕگریان بوو، پاش کەمێ ووتی ئەزانی بۆ دڕاندم چونکە لە هەمووشتێ دەچوو تەنها سێ سەد پارچ شیعرم زۆر جار نائومێدیان کردم لەوانە خراپتریش نەداری ئێستاش ناتوانم شیعرەکانم چاپ بکەم.

*** شیعری گەرمیان لەچی خاڵێکدا دەبینی ..؟**

ساڵح: نەك هەر شیعری گەرمیان بەڵکو شیعری سەرتاسەری کوردستان ئەمڕۆ شیعری لاسایی کردنەوەی بزوتنەوەی ڕەوانگەو گروپی شیعری کفرین ماوەیەکی دوورودرێژە هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوات.

*** واهەست دەکرێت لە گەرمیان شیعساەو ڕووکەشە تێهەڵکێش نیە بەفکرلەیەکدانەوەت چییە..؟**

ساڵح: تۆ باسی گەرمیان دەکەی ئەی لەتیف هەڵمەت و مەهاباد قەرداغیو ڕحمان خانی و تەها سلێمان و دەیانی تر داهێنانی جوانیان هەیە. بەلای منەوە هیچ لە شاعیرانی تری کوردستان کەمتر نیە بەڵام پرش بڵاوین..

*** دوای ڕەوانگە شیعری گەرمیان نەیتوانیوە ببێتە خاڵی دراسەکردن ، بۆ ؟**

ساڵح: ئەو هەموو کارە ساتانەی لەسەر دەستی ڕژێمە پێشووەکانی عێراقدا بەسەر خەڵکی گەرمیاندا هاتووە ئەی خۆمان ماوین تاکو شیعرمان .. تۆ تەماشاکە لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە کە کەباشووری کوردستانیان بەزۆر پێوەلکاند ناوچەی گەرمیان چی بەسەر هاتووە نزیکەی حەفتا ساڵ گەرمیان نەیتوانیوە یەك ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دەربکات تادوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ڕژێمکان بواریان نەدەدا کتێبخانە لەشارەکاندا بکرێتەوە خوێندن بەزمانی دایك قەدەغەبوو هەر باشە زمانەکەی خۆمان پارستووە. لە حەفتاوهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شیعری گەرمیان زوڵاڵ ترین دەنگی شیعری بوو لەسەر ئاستی کوردستان.

*** بۆچی لەگەڵ ئەو هەمو نەهامەتیانە زۆربەی شیعرەکا نمان غەزەلین..؟**

ساڵح: من دەڵێم بەداخەوە بە خۆشمەوە خۆمان بۆشیعر تەرخان نەکردەو خۆمان لەقەرەی هەموو شتێ دەدەین ڕەنگە جۆرێك بێت لە کەم تەرخەمی و شیعر نەکراوەتە بیری سەرەکی ئەوانەی شیعر دەنوسن..

***لەگەرمیان شیعری لاوان وشیعری شاعیرە ئەزموندارەکان بەزەحمەت لەیەك جیادەکرێنەوە..؟**

ساڵح: بەداخەوە لاوەکانمان ئەزموونی شیعریان نییە من پێم وایە ئەوان لەپاش خوێندنەوەی چەند شیعرێك دەست دەکەن بە شیعر نوسین لە شیعری گەورە کانەوە دەڕواننە شیعر .. لاوان خۆیان لەبیردەکەن کەدنیایەکی پڕ سەر کێشی گۆڕان و داهێنانە.

*** زیاتر بەکام شاعیری گەرمیان کاریگەریت ، بۆ ...؟.**

ساڵح: من لەسەرەتای نوسینمەوە شاگردی شاعیری گەورە (لەتیف هەڵمەت) م ئێستاش دەرویش ڕۆژانە بەناوشیعرەکانی دا کۆڕی زیکرم دەبەستم زمانی لەتیف هەڵمەت زمانی ئاگردانە پڕگرەکەی گەرمیانە.

*** قەڵەمی شیعری لاوان چۆن دەبینی؟**

ساڵح: ئێستا لاوان باسی شیعری مۆدێرن دەکەن دەڵێم بەداخەوە ئەوبازدانە بوەتە مۆدیل بێ ئەوەی لەماڵی خۆمان تێبگەین کلتوری گەلان هەڵدەبژێرین جارێکیان برادەرێکی شاعیر کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی کرد ناوی زیاتر لە بیست شاعیرو نوسەری بیگانەی هێنا کەچی ناوی یەك شاعیری کوردی نەبرد. گروپی شیعری کفری و بزوتنەوەی ڕەوانگە گەروەترین وەرچەرخانی وێژەی کوردی بوون چی لەفۆرم و ناوەرۆك و دارشتنەوە ئەو شۆرشە گۆرانی بنەڕەتی بوو لەوێژەی باوی پێشتر داوادەکەم بالاوەکانمان لەمەولەوی ونالی و مەحوی و ئەوانەوە زمانی شیعری کوردی بناسن ڕێبازە شیعریەکانی کوردی بکەن بەسەر دێڕی قەڵەمەکانیان.

*** حەزدەکەین باسی ئەو جیاوازیانە بکەن لە کەلار ئەوکاتەی تۆ گەنج بوویت ئێستا لەڕووی ڕۆشنبیریوە..؟**

ساڵح: ئەو سەردەمە هەموتاکی کورد لەژێر زوڵمی چەوساندنەوە دابوو کتێب و خوێندنی کوردی لە قەیراندبوو کتێبێك چەند دەستی دەکرد بۆ خوێندنەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرا پرسیار کردن عەیب نەبوو بەڵام ئێستا بەو هەموو ئازادی وە بەو هەموو بوارە خوێندن و تا ئاستێك لەڕووی مادیەوە ژیان خۆشە کەچی خۆ ڕۆشنبیرکردن زۆر کەمە..

*** وتەیەك هەیە دەڵێت هەر میللەتێك شاعیری زۆرییێت دواکەوتووە چونکە شاعیرەکان بەخەیاڵ دەژین بۆ چوونی تۆ چوونە سەبارەت بەووتەیە.؟**

ساڵح: گەر زیادەڕۆی نەبێ دنیای پێشکەوتن لە ئەدەب و هونەرەوە دەستی پێکرد تۆ خۆت کتیبت زۆر خوێندوەتەوە دەربارەی چەرخی ڕاپەڕینی ئەوروپا و شۆڕشی فەرەنسا هەر شاعیران و نیگارکێش و نوسەرەکان بوونە سەر کاروانی ڕاپەڕین بەرەو دنیای پێشکەوتن ئەی سروە شۆڕشگێڕەکانی خۆمان نەبوون شۆڕشیان گەردەدا لە دژی زوڵم و دواکەوتن.

*** ئەفلاتۆن جیگای ئیوەی لە کۆمارەکەیدا ناکاتەوە تۆچی بەئەفلاتۆن دەڵێیت..؟**

ساڵح: من بزانم ئەفلاتۆن بۆشیعرەوە چووەتە ناو فەلسەفەوە پێش ئەفلاتۆن بەسدان هەزار ساڵ شیعر هەر هەبوە پاش ئەفلاتونیش کاروانی شیعر بەردەوام بووە ئەفلاتۆن جیگای نەکردینەوە هەزاران دەرگای تری بۆ شیعر لەسەرپشتە کەی عەشق مرد شیعر کۆتای دێت واتە ژیان تەواو دەبێت.

*** لەشاعیرە کلاسیزمەکانی کورد بەکامیانەوە کارگەریت.؟**

ساڵح: ناتوانم دەست نیشانی ئەوشاعیرانە بکەم من ئێستاش دیوانەکانی نالی، سالم،مەحوی، مەولەوی، وەك کتێبی پیرۆز ماچیان دەکەم بەبەردەوامی دەیان خوێنمەوە هەمویان کاریگەریان هەیە لەسەرم.

*** بۆچی تائێستا لەچاپدانی بەرهەمەکانت کەمتەرخەمی ...؟**

ساڵح: ژیان زۆر بەگرانی بۆ من هات دەربەدەری و نەداری هەمیشە دوو کۆسپی گەورەن لەڕێگەم ئێستاش بەژیان ناگەم. باوەڕبکە منیش حەزم دەکرد هەموو شیعرەکانم چاپ بکردایە بەڵام بەداخەوە ڕەنگە بەزیندووی کتێبی چاپ کراوی خۆم کە گەورە ترین ئاواتە ئەو کۆمەڵە نوسینەی دام ناوە شیعر نەبینم..

سینەمای ئیرانی و سەرنجێك

سەهەند عەبدوڵا

لەگەل گشت ئەو جیاوازییە بنەڕەتی و دەزگا چاودێرە توندوتیژەکان و پەیوەندی نالەباری نێونەتەوەی ئیران، سینەمای ئیرانی توانی سنوورەکانی دابڕان و تەنیایی و گۆشەگیری بسووتێنێ. ئەو گۆشەگیرییەی کە سینەمای ئینسانی لە رووە سیاسییەکەی بەسەر فیلمەکان بیسەپێنن. هەرچەندە فیلمەکانی لە نێوەڕۆکدا تۆوی جوانکاری وبەهاریەکی ئیستاتیکی هەیەو هەموو کۆسپەکانی بڕی و بینەری بیانی بەرامبەر بە سینەمای ئیرانی تووشی سەرسامبوون هاتن. فیلمی ئیرانی بە شێویەکی بەرچاو لە ڤیستیفاڵە نیونەتەوەییەکان ئامادەگی هەیە، هەر وەك چۆن دەرهێنەرێکی بەناوبانگ وتوویەتی(ئەگەر فیلمی ئیرانی لە هەر فیستڤاڵێکدا بەشداری نەکات، ئەو فیستفاڵە وەك چێشتێکی بێ خۆی وایە) ، هاوکات ئەم بەشداربوونە جۆرێك بە جیهانیبوونی سینەمای ئیرانی بەخشیوە.

ساڵی ١٩٣٣بەشێوەیەکی فەرمی بە ساڵی لەدایکبوونی سینەمای ئیرانی دادەنرێت. عەبدولحوسینی سبینتای دەرهێنەر کە ئەو کات لە هیندستان دادەنیشت توانی یەکەم فیلمی دەنگدار بەناوی(کچی لوڕ) ، دەربهێنێت. دواتر لە نێوان ساڵانی١٩٣٠-١٩٣٦ ، ٩فیلمی تر بەرهەمهێنرا و پێنجیان لە هیندستان بوو. لە گەڵ هەڵایسانی ئاگری جیهانی دووهەم، کاری سینەمایی راوەستا ، پاشان لە شێوەی میلۆدراما و کۆمیدیا وەك قۆناغێکی تر سەری هەڵهێناوە کە زیاتر کارەکان رووکەشی بوون. ئەم قۆناغە نزیکەی سێ دەیەی خایاند لەگەل ئەوەشدا هەولی لێرەو لەوێ هەبوو، بەڵام زۆر سنووردار بوو. ئەم شێوازە کە لەو ماوەیا بەکاردەهات، هەرچەندە بەهایەکی ئیستاتیکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام بۆ ژێرخانێك و بۆ سینەمای ئیرانی، فیلمی سینەمایی(مانگا)لە ساڵی ١٩٦٩لەلایەن دەرهێنەر(داریوش ماهر جوی)دەرهێنرا کە موژدەبەخشێکی باش بوو. هەروەها ئاماژەیەکی راستەوخۆ بوو بۆ سینەمای ئیرانی. ئەم فیلمە بەهاکەی لەوەدا بوو، واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ سەر پەردەی سینەماکان گواستەوە ئەم فیلمە لێکدانەوەی سیاسی بۆ کرا، بۆیە نمایشکردنی لە لایەن(شا)وە، قەدەغە کرا.

سەرکەوتنی ئەم فیلمە و وەرگرتنی خەڵات لە فیستیڤاڵی ڤینیسیا، هۆکاری بەرهەمهێنانی فیلمێکی تر بوو کە لە رووی چۆنیتییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ. پاشان کۆمەڵەی سینەماکارانی پێشکەوتووخواز دامەزرا. ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو لە گەڕانەوەی ئیستاتیکاو توانای هونەری بۆ سینەمای ئیران، بەرامبەر بەو ئامانجەی دەیانەوبست، سینەمای ئێرانی بەرەو کاری بازرگانی هەنگاوی پێ بنێن. ئەو کاتە لە پاڵ ماهر جویی، عەباسی کیاروستەمی خاوەن فیلمی ماوەی دار زەیتونەکان، ماڵی هاوڕێیەکەم لەکوێیە...هتد، و بەهامی بەیزایی هاتە مەیدان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com